بافڵ تاڵەبانی و محەمەد حەلبوسی پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماریيان تاوتوێكرد

بافڵ تاڵەبانی و محەمەد حەلبوسی كۆبوونەوە و لێبارەی پێشهاتەكانی دەخی سیاسی و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆكی كۆمار گفتوگۆیان كرد.

ئەمە یەكشەممە ٨ـی شوباتی ٢٠٢٦، حزبی تەقەدوم لە راگەیەندراوێكدا باویكردەوە، محەمەد حەلبوسی، سەرۆكی حزبەكە لە بەغدا لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرۆكی یەكێتی كۆبوونەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەكی حزبی تەقدوم، لە كۆبوونەوەكەدا پێشهاتەكانی دەخی سیاسی و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆكی كۆمار تاوتوێ كراوە.

كۆبوونەوەكەی حەلبوسی و تاڵەبانی لێكاتێكدایە، بەیارە ئەمشەو هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت، لایەنە پێكهێنەرەكانی حكومەتی عێراق لە بەغداد كۆببنەوە، بە یەكلاكردنەوەی پێستی سەرۆك كۆمارو سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، بەپێی زانیارییەكان بافڵ تاڵەبانی نوێنەرایەتی یەكێتی و فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، نوێنەرایەتی پارتی دەكات لە كۆبوونەوەكەدا.